# سایتی حیزب دەپرسی

## ئاشكرابوونی باندەكەی "شیخ زانا" كام هۆكارو كام راستی؟

دان پیدانان وئاشكرابوونی تاواناكانی باندە تیرۆریستییەكەی"شیخ زانا" راچلەكینەربوو بۆهەمووان و واچەند رۆژە بۆتەجیگای مشت و مر و لیوردبوونەوەو قسەوباسی نیو كۆمەلگا و رۆشنبیران ولایەن و كەسایەتی جۆراوجۆر. بەلام ئەوەی ئاشكرایە كە هەمووان لەبارەی هۆیەكانی سەرهەلدانی ئەم دیاردەیە و رووداوەكانی یەوە رایەكی چوونیەكیان نییە. بیگۆمان ئەم تاوانانە یەكجارتر كارنامەی ئیسلامی سیاسی و رەوتەكانی دەباتە نیو قەفەزی دادگاییەوە ولەونیوەدا وەک تەرەفیكی بنەرەتی جیگای هەیە هاوكات ئەوەی ئەم باندە دەتوانی بۆماوەی چەند سالیک دەست لەتاوان وەردا و بۆ مەرامەكانی دزین و كوشتن و سەربرینی لاوانیک پرۆڤەبكات، ئەمەش لەسایەی دەسەلاتی ئەحزابە كوردییەكاندا بیبشک سیاسەت و شیوەی مامەلەكردنی ئەوان و لیوردبوونەوە لەسەری دینیتە پیشەوە.. بەلام هەیە ئیسلام بیبەری دەكاو هەشە لایەنگری دەسەلاتی یەكیتی وپارتی لەدوتویی باسی "پاكیزەیی كۆمەلگای كورەدەواری" یەوە دینیتە گۆری و ئەم دیاردەیە بۆ "فەرهەنگی غەیەركورد" دەگەرینیتەوە. هەشە پیی وایە"مرۆڤی كورد" نەخۆشی دەرونی گرتووە، و دەبی كۆمەلگای كوردستان ناخی خۆی هەلكۆلیت.. كەوایە ئەم رووداوە ئاكامی كام واقعیەتی سیاسی و كۆمەلایەتییە؟ موسەبیبانی ئەم تاوانانە كام رەوت و بزوتنەوەی سیاسی و كۆمەلایەتین؟ پاشان وەلام چییە بەبۆچوونەكانی تر كەلەسەر لایەنەكانی ئەم تاوانانە دینە پیشەوە؟ لەئاخردا دەبی چیبكەین بۆ پاكردنەوەی كۆمەلگا لەم تاوان و دیاردە قزەون و راچلەكینەرانەوبەرگرتن بەدووپات نەبوونەوەیان؟

سایتی حیزب لەمبارەوە دەپرسی و رای كەسانیک دەبزوینی... هاوكات دەرگای خۆی بۆ بوچن و قسەوباسی هەمووان ئاوەلادەكات.. بەوهیوایەی هاوكار وبەشداربن لەگەلمان لەمگۆشەیەدا ..

.. خەسرەوسایە
00447796257020
k.saya@ukonline.co.uk



عەبدوللا مەحمود

**خەسرەوسایە:** هاوری عەبدوللا مەحمود، بەلام هەیە بۆدەربازكردنی ئیسلامی سیاسی لەم جۆرەتاوانانە، باسی ئەوە دینیتە كایەوە كە دیاردەی تیرۆر خوی پیشتر هەبووە و ئەوە هەر ئیسلامییەكان نین كە دەستیان بۆەئم جۆرەكارانەبردووە، ئیوەلەسەر ئەمە دەلینچی؟

**عبدالله مەحمود:** ئەمە واقعیەتە كە دیاردەی تیرۆر لەكوردستان پێشتریش بووە، بەڵام ئەبێ ئەو راستیە تەئكید بكەمەوە كە تیرۆر وەكو دیاردەیەكی قێزەون و دژی ئینسانی لەمێژووی نزیك بە پانزە ساڵی كوردستاندا، دوو مەرحەلەی تەی كردووە، لە هەردوو مەرحەلەكەدا رەوتە ئیسلامیەكان بەشی شێریان بردووە.

چ لەمەرحەلەی یەكەمدا، مەبەستم لەو مەرحەلەیە ماوەی نێوان ساڵی 1991 تا گۆربەگۆربونی ڕژێمی بەعسە، لەم مەرحەلەیەداو لە ئاكامی نەمانی دەوڵەت و سپاردنی كۆمەڵگای كوردستان بەدەست ئەحزابی قەومی عەشیرەتی، دەسەڵاتی میلیشیایی لەفەراغی دەسەڵاتی حكومی و لەبەین چونی دەوڵەتدا، بوو بە واقعیەتكی تاڵ بۆ خەڵكی كوردستان. دیارە هیچیش لەوە رۆشنتر نیە، كە تایبەتمەندیەكی دەسەڵاتی میلیشیایی قوت بونەوەی دەستەو باندی چەكداری جۆراوجۆر و هاوكات شەری لاینەكان"شەری ناوخۆ" و دیاردەی تیرۆرە، بۆیە مەرحەلەی سەرەتایی تیرۆر لەكوردستان بەرهەمی ئەم واقعیەتە بوو. هەموو ئێمە وخەڵكی كوردستان شاهیدی ئەوراستیەن كە ئەحزابی قەومی كورد و بەرپرسەكانیان خاوەنی باندی ئینسان رفاندن وتیرۆر بوون، لەوەش واوەتر هەر ئەم ئەحزابانە خۆشخزمەتی باندی تیرۆرستی وولاتەكانی ناوچەكە بوون، لەكوردستاندا چەندین بنكەی تیرۆرستی لەژێرناوی جیاجیادا بۆ میتی توركی و ئیتلاعاتی ئێرانی قوتكرابونەوە، و بەسەدان ئینسانی پەنابەرو مخافینی سیاسی ئێران و توركیا بەدەستی ئەم باندانە تیرۆركران. بەتایبەت لە سەردەمی شەری ناوخۆدا بەدەیان كەس لەلایەنگرانی یەكێتی و پارتی بەدەستی باندە تیرۆرستەكانی یەكتری تیرۆركران.

لەناو ئەو فەزایەدا ئیسلامی سیاسی كە لەچەندین باندو دەستەو گروپی جۆراوجۆر پێكهاتبون، هەمویان بە پشتیوانی و كۆمەكی یەكیتی وپارتی قەدوقیافەیان پێدرا، ناوچەیان بۆ جیاكرایەوە، داهاتی خەڵكی كوردستان كرا بەگەرویاندا، لەدەسەڵاتدا بەشداركران، دەرگای مزگەوتەكانیان بۆخرایە سەرپشت، میمبەری مزگەوتیان درایە دەست، و مزگەوت بوو بە شوێنی فتودان و جێگای مەشقی تیرۆرستی.......تاد.

ئەم ئیسلامیانە لەتیرۆر و تۆقانندا، دیسان بەشی شێریان برد، دەسەڵاتی ئەحزابی قەومی کورد، ئەمانە بەبەرچاویەوە رویانئەدا، گوی بیستی فتواکانیان بوون، کەچی بەجیا لەکۆنەپەرست بونی خۆیان، لەچوارچێوەی سات وسەودایان لەگەڵ مەرجەعیەتی ئیسلامی و وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەدا، نەك هەر بێدەنگ بوون، بەڵکو هاوکاری ئەکران.

ئەگەر ئەوە مەرحەلەیەکی تایبەتی تیرۆرە لەکوردستان و ئیسلامیەکان دەستیان لە هیچ کردەوەیەکی ترساندن و تۆقاندن، تیرۆر، نەپاراست ، مەرحەلەی دواتر مەرحەلەی دوای روخانی بەعس و داگیرکاری ئەمریکایە.

بەدوای روخاندنی رژیمی بەعس، عیراق بەگشتی بوو بەمەیدانی بەرامبەرکێ ی تیرۆرستی دوو قوتبی ناسراوی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و تیرۆریزمی ئیسلامی، کە لەدرێژەی ئەم جەنگ و بەرامبەرکێ تیرۆرستیەدا، عێراق بەزوویی بوو بە ژینگەیەکی تیرۆرستی و کۆمپانیای بەرهەمهێنانی ئوسامە و زەرقاویەکان، باندە ئیسلامیە تیرۆرستەکانی کوردستان ئەمجارە نزیکتر و بەکردەوە لەم کۆمپانیایەدا جێگایان کردەوە، لە هەڵسورانی بە روکەش لوکالیدا، پەردە لەرویان هەلماڵراو زوو دەرکەوت کە ئەمانە بەشێکن لەو بزوتنەوە تیرورستیەی"شەری کوفرو""" پاراستنی شوناسی ئیسلامی" ان کردۆتە قیبلەنومای تەوجیهی تیرۆرو تۆقاندن، وەکو رێگایەك بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەلات و لەوکاتەشەوە تائێستا هاوشانی باندە ئینسان کوژەکانی تری سەر بەزەرقاوی پاشماوەکانی بەعس و دەیان گروپی جیهادی تر لە عیراقدا خەریکی تیرۆرن و لەو چوارچێوەیەشدا دەیانەوێ ئەبعادی تیرۆر لە عێراقدا سەراسەری بکەنەوە، تیرۆرەکانی ئەم ماوەیەی کوردستان تەنها نیشاندانی کردنی کوردستانیشە بە مەیدانی بەیەکدادانی تیرۆرسیتی.

بۆیە رەوتە ئیسلامیەکانی کوردستان بەکردەوە لە هەردوو ئەم مەرحەلەیدا، رەمزی کوشتار، تیرۆ، فتوا، دژایەتی کردنی هەموو سیما مەدەنیەکانی کوردستان و مافە فەردیەکانی خەڵك بوون، کارنامەی ئەوان هێندە زۆرە کە هیچ پاساوێك هەڵناگرێت، ئێستاش ئاسەواری گڕدانی چەندین کتێبخانە لە شارەکانی سلێمانی و هەولێرو رانیە، تەقاندنەوەی دوکانەکانەکانی مەی فرۆشی، سالۆنەکانی ژنان، هەرماوە، کاسێتی فتوا بێئەژمارەکانی مەلا و سەرانی باندە ئیسلامیەکان لە سەرکاسێتی مزگەوتەکان و سیدیەکان ماوە، فتواو هەرەشە لە لە بلاوکراوەی بۆپێشەوە ویەکسانی و نوسەرانی، لە گۆڤاری نفار و دەیان نوسەرو شاعیرو خەڵکی پیشکەوتنخواز، و مخالفینی خۆیان، بەبەڵگەوە ماون.

خەلات تەرخان کردن بۆ تیرۆری ریبوار ئەحمەد لە لایەن باندی ئەدهەم بارزانیەوە، لە رۆژنامەی روناکی ئەم باندەو بلاوکراوەی ئەمرۆی ئەوکاتەدا دەست ئەکەون، هەرەشە لە هەڵسوراوانی ریکخراوەی سەربەخۆی ئافرەتان، سەنتەری پاریزگاری ژنان لە کوردستان تەقاندنەوەی بنکەکەیان لە سلیمانی لەبەرچاوی هەموانە، تیرۆری هاورییان شاپور عبدالقادرو عادل هادی لە ژێر دەسەلاتی خۆشخزمەتی کۆنەپەرستی ئیسلامی پارتیدا لەهەولێر تیرۆری عبدالخالق مەعروف و فەرهاد فەرەج و سەلاح هەورامی وتیزاب کردن بە قاچی ژنان تادەگات بە وەشاندنی گورزی تیرۆرستی لە قەدی ئەودارانەی شوێنی پشودان و سەیرانگای خەڵکی بوون............چەند گۆشەیەك لە تاوانکاریە ئاشکراکانی ئیسلامی سیاسین لەکوردستان، ژێر بەژێریش مەلەف زۆر لەمە گەورەترە.

ئەوە کە ئێستا لایەنە ئیسلامیەکان هاواریان لێ هەڵساوەو دەڵێن بەرلەئێستاش تیرۆر هەر لەکوردستان بووە ، گروپی شیخ زانا رەبتی بە ئیسلامەوە نیە، لە لایەکەوە دەیانەوێ تورەیی خەڵکی کوردستان لەسەر خۆیان و کارنامەکەیان کەم بکەنەوە، بڵێن ئێمە تەنها نین لە تیرۆردا و ناسیونالیزمی کوردیش وەکو ئێمە بەشی هەیە، دەیانەوێ دیاردەی تیرۆرو خەرمانەی تیرۆر بەش بکەن. بەڵام هیچ کام لەو تەوجیە و پاساوانە ناتوانێ ئیسلامیەکان لە ژێر ئەوتاوانکاریەدا قوتار بکات، تەنانەت هیچ کام لەگروپە ئیسلامیەکان دوای چەندین ئەمماو ئەگەر کردەوەکانی گروپی شیخ زانا ئیدانەدەکەن، بەلام هاوکات هیچ لایەنێکیان ئەم کردەوانەی گروپی شیخ زانا بە کوفر و نامۆ نازانن لە ئیسلاماداو بەمەش بەئاشکرا کارنامەی ئیسلامی و سەربرین و ئیغتسابکردن و نیربازی و سەرئەنجام کارەکانی گروپی شێخ تەئید ئەکەن، با بۆڕاستی ئەمە تەماشای لێدوانی سی لایەنی ئیسلامی بکەین، کە لە هاولاتی ژمارە 233ی بەرواری 2005/7/21 دا بلاوبۆتەوە.

زانا سەعید رۆستایی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت(.....ئێمە ناو لەو گروپە نانێین کافر، هەرچەندە تاوانەکانیان گەورەیە........)

هەروەها عبدالرحمن صدیق بەرپرسی راگەیاندنی یەکگرتوو دەڵێت(....شتی شەرعی ئیشی ئێمە نیە، ئێمە هەمیشە ووتومانە سیاسەت بە فتوا ناکرێت ویان پێمان خۆش نیە سیاسەت بە فتوا بکەین....) وە لەشوێنێکی ترداو لەوەلام بەوەی ئایا ئەوکارانەی گروپی شیخ زانا پەیوەندی هەیە بەکەلتوری ئیسلامیەوە دەڵێت( خەڵکانێك هەن لە ژێر پەردەی ئیسلامدا کاردەکەن توندتر لە گروپەکەی شیخ زانا، لەسەردەمی مێژووی ئیسلامدا هەبوە لەسەردەمی............)

هەروەها مامۆستا ئەحمەدی ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامیش دەڵێت(...من ناتوانم ئەوانە بەکافر ناوبنێم.........)

خودی ئەم ئیعترافاتانەی ئەم لایەنانە، بەوەی کە گروپی شیخ زانا بەکافر نازانن، نیشانەی ئەوەیە کە ئەمانە ئیسلامن و لە میژووی ئیسلامیشدا ئەمە بووە. ئەمە بە جیا لەوەی خەڵکی کوردستا شاهیدی میژووی هەموو گروپە ئیسلامیەکانن و کارنامەیان، ئەوەش کە ئەمجارە زیاتر لە هەمیشە گڕیان تێبەربووە ئەوەیە کە ئەمجارە بۆ یەکەمجار گۆشەیەك لە تاوانەکانی گروپێك پیشانی خەڵك دراوە، خۆ ئەگەر کارنامەی هەموو ئەم گروپانە پیشانی خەڵك بدرێت، گومان لەوە نابێت، خەڵکی کوردستان هەموو ئەو ئیسلامیانە هەڵدەپێچن و یەکیتی وپارتی خزمەتکاریشیان ناتوانن بەر بەتورەیی ئەم خەڵکە بگرن.

***خەسرەوسایە: بەلام لایەکی تری ئەم مەسەلەیە ڕۆشنبیرانیکی ناسیونالیستن کەدەڵێن "پاکیزەیی" کۆمەڵگای کوردەواری بێ بەرییە لەم تاوانانە و ئەمە بەرهەمی فەرهەنگی بێگانە و ستەمێکە کەلەسەر کورد بووە، لەسەر ئەمە دەڵێن چی؟***

عبداللە مەحمود: ئیتر ئەمە گەورەترین گەمژەیی ڕۆشنبیرانی ناسیونالستی نیشان ئەدات، چونکە هەر ئەو موچەخۆر و فاشستانەی کورد، بەدریژایی مێژووی خەڵکی کوردستان ئەو درۆ میژویەیان دەرخواردی خەڵکی داوە، کە خەڵکی کوردستان لە 98٪ موسولمانەو بێ بەریە لە فەرهەنگی بێگانە، هاوکات ئەوەی کە ئەم جۆرە روداوانە ڕەنگدانەوەی ستەمێکە کە لەسەر خەڵکی کوردستان بووە، گەمژەیەکی گەورەترە، ئەم جەنابانە بەو ژەهراو ڕشتنەیان دەیانەوێ ئێستاش پاساو بۆ تیروری ئیسلامیەکان بهێنەوەو دەستە بەندیان بکەن و ئەوە دەرخواردی خەڵکی کوردستان و رای گشتی بدەن کە ئیسلامی سیاسی هەمویان وەکو یەك نین و پێکهاتەیەکن لە "ئیسلامی میانەرەو" توندرەو"لیبرال" تەنانەت مەدەنی" و هەندیك لەمانەش هەلگری فەرهەنگی بیگانە و بەرهەمی سەرکوت و توندوتیژی لەپێشترن، تا لەورێگایەوە پاساو بۆ بەرگری لەکۆنەپەرستی ئیسلامی بکەن، و کارنامەی گروپەکەی شیخ زانا لەکاری ئیسلامیەکان و جیابکەنەوە و بە هی بێگانەی لەقەڵەم بدەن.
جگە لەوە ئەمە نزیك بە پانزە ساڵە لەکوردستان ستەمی بەعس و دەسەڵاتی مەرکەزی نەماوە، دەسەڵات لەکوردستان بەدەستی ئەحزابی کوردییەوە بووە، و "پاکیزەیی" ئەم دەسەلاتە!! لەم پانزە ساڵەدا جیاوازیەکی وای لە" پاکیزەیی " دەسەڵاتی بەعس!! نەبووە.
ئەگەر بەعس بەزۆری سەرکوت و زوڵم و کۆنەپەرستی و چەك دەسەلاتی بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە ڕاگرتببوو، ئەوا لەماوەی نزیك بەم پانزە ساڵەدا دەسەلاتی ئەحزابی میلیشیایی کورد بە حەق تائێستاش میراتگری بەعس دەکات ، لەسەرکوت ئەوەندەی توانای بووە دەستی نەپاراستووە، لەزیندان و زیندانیکردن زیندانەکانی ئاکری و قەلاچوالان لە زیندانە بەناوبانگەکانی بەعس کەمتر نین، لە دیل کوشتن و بێسەروشوێن کردندا بە بارتەقای دەسەلاتیان کەمتەرخەمیان نەکردووە، لە لوشدانی پاروی دەمی خەڵك لە سەرانی بەعس کورتریان نەهیناوە، لە هیرش بۆسەر نارەزایەتی جەماوەری، بۆ سەرمخالفینی خویان، قارەمانیتی وایان نواندووە، بی هاوتایە، یاساکانی بەعسیان لەپەیوەند بە ژنان و یاسای سزادان .......بەرێوە بردووە، لە باوەش کردن بە کۆنەپەرستی ئیسلامی و کۆمەککردن بە رەوتە ئیسلامیەکان بێدرێغ بوون، لەدژایەتی کردنی مافە فەردی و مەدەنیەکانی خەڵکدا، دەستیا نەپاراستووە، هەموو سەرانی دەسەلات و فەرهەنگی بێگانەیان! بە دۆست و خەمخۆری خەلکی کوردستان ناساندووە، ئەمانە ئەو واقعیەتە بەرچاو و حاشاهەڵنەگرانەن، کە هەموو کات و ساتیك پاساوی نوسەرانی دەربارو راسیسیتی کورد، ئیدعاکانیان بەهەودا دەبات.
بەلام دیسان ئەوە هەموو لایەنی مەسەلەکە نیە، بەشێکی تر لەو پاساوە کە دەڵێن ئەمە کاریگەری فەرهەنگی بیگانەیە، بۆ ئەوەیە بەخەڵکی کوردستان بە کرێکارو سەرمایەدارەیەوە، بە داراو نەداریەوە، بەچەوساوەو چەوسێنەریەوە، بڵێن مادام هەموو هاوخوێن و هاومێژوو کەلتورو خاك و زمانی هاوبەشین، خاوەنی بەرژەوەندی هاوبەشیشین، نارەزایەتی و خەباتی چینایەتی بەرهەمی فەرهەنگی بێگانەیە، ملی پێمەدەن، روومەهێنن بۆ فەرهەنگی ئەوروپی و سەردەم و فەرهەنگ و کەلتوری کورد، پاکیزەییی لێئەتکی. بیرتان نەچێت کورد لە رەگەزی "شێرە"، لەهەموو نەتەوە و پێکهاتەیەکی تری دنیا ڕەسەنترن.
جێگای خۆیەتی لەم جەنابان بپرسین، ئەو ریزە سەرەك جاشەی کوردانەی پێشلەشکری بەعسیان بۆ ئەنفال کرد، فەرهەنگی بێگانە بوو؟ ئەو رەئیس مەفرەخاسە کوردانەی لە پاڵ دەزگای ئەمن و مخابەراتی عیراقیدا بوون، بێگانەو فەرهەنگی بێگانە بوو؟ لە ئامێزگرتنی ئەم مجریمانە لە ریزی ئەحزابی کوردیدا، فەرهەنگی بێگانەبوو؟ شەری ناوخۆی هیزە کوردیەکان، فەرهەنگی بێگانە بوو؟ خۆشخزمەتی ئەحزابی قەومی کورد بە وولاتانی کۆنەپەرست و بێگانەی کورد لە ناوچەکە، فەرهەنگی بێگانەبوو؟ لوشدانی داهاتی خەڵکی کوردستان و پاروی دەمی خەڵك، فەرهەنگی بێگانە بوو؟ باوەشکردن بە کۆنەپەرستی ئیسلامی و دەستەو تاقمەکانیان، فەرهەنگی بێگانە بوو؟ ئیسلامیەکانی کوردستان، بێگانەو کاروکردەوەکانیان، فەرهەنگی بیگانەبوو؟ ژن بە پلە دوو لەقەڵەمدان و کوشتاریان لە ژێرناوی شەرفدا، فەهەنگی بێگانەبوو؟ دژایەتی لەگەڵ ئازادی سیاسی و مۆدیرنیزمی کۆمەڵگادا فەرهەنگی بێگانە بوو؟ با بفەرمەن و وەلام بدەنەوە.

هەموو ئەمانە لەکوردستانداو بەدەستی کوردو لە ژێر دەسەلاتی کوردیدا رویانداوە، شیخ زاناو گروپەکەی، کۆمەڵ و بزوتنەوەو یەکگرتوو، ئەنسار ئیسلام و ......... هەموویان یەك مەعدەنن و سەرئەنجام هەڵگری یەك پەیامن، "جیهاد لە پێناوی خوا"، چ کارەکانی شیخ زاناو چ کاروکردەوەو پەیامی هەموو باندە ئیسلامیەکانی تریش ریك جی بەجی کردنی پەیامی خوداو رینوینی پەیامبەری ئیسلامن، کە قورعان و حدیسەکانیان لێپێکهاتووە، سەرجەمیشیان نەك فەرهەنگی بێگانە، بەڵکو فەرهەنگی دەسەلات و ئیسلامیەکان و بەرەی کۆنەپەرستی کۆمەڵگای کوردستانن، لەدژی بەرەی رادیکال و مۆدیرنی خەڵکی کوردستاندا.

کۆمەڵگای کوردستانیش وەکو هەموو کۆمەڵگایەکی تری دنیا، مەیدانی بەیەکدادانی فەرهەنگی پیشکەوتنخوازو مۆدیرن و پاشماوەی کۆنەپەرستی دنیای سەردەمە.

دەسەلات و ئیسلامیەکانی کوردستان سەرباری هەر ناکۆکیەك و ئاستی توانایان، بەرەی بەرگری کەرن لەکۆنەپەرستی و دواکەوتی کۆمەڵگا، لەبەرامبەر ئاوات و ئارەزوە ئینسانی و پیشکەوتنخوازیەکانی خەڵکی کوردستاندا.

نوسەران و قسەکەرانی ناسیونالستی کورد دەیانەوێ ئەم راستیانە پەردە پۆش بکەن. هاوکات تورەیی خەڵکی کوردستان لەدەسەلات و ئیسلامیەکان خاوبکەنەوە.

لەکوردستان ژینگەی تیرۆرستی لە لایەن دەسەلاتەوە ئامادەکراوە، هەمیشەش بەرهەم دەهێنرێتەوە، ئەم ژینگەیە مۆڵگای گەرادانانی گروپە ئیسلامیەکان و گروپی شیخ زانایە، شیخ زاناکانی دواتر لەم ژینگەیەدا ترسناکتر ئەبن. باسی کاریگەری فەرهەنگی بیگانەو توندوتیژی رابردوی دوژمنانی کورد، لەو مەوریدەدا بێئەندازە پوچە.